https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.4

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ڕەگەز و قسەپێبڕین لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا

د. شێرزاد سعید صدیق
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
Sherzad.sedeeq@soran.edu.iq

**پوختە:**

یەکێک لە بابەتە نوێیەکانی کۆزمانەوانی و توێژینەوە لە ڕۆمان، پەیوەندیی نێوان ڕەگەز و زمانە، لەم توێژینەوەیەدا، لە ڕوانگەی تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆف، تیشک دەخەینە سەر قسەپێبڕین لای کارەکتەرەکانی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهایی، تیایدا پەیوەندیی نێوان ڕەگەز و قسەپێبڕین وەک ڕەفتارێکی زمانی لە گفتوگۆکانی نێوان دوو کەس دەخەینەڕوو.

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدەین، ئەوە ڕوون بکەینەوە کە نوسەر تا چەند لە بەکارهێنانی زمانی گونجاو لەگەڵ ڕەگەزی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە سەرکەوتوو بووە، ئایا توانیویەتی ئەو ڕەفتارە زمانییەی کە دەچێتە ناو کارامەییەکانی پەیوەندیکردنی زمانی، بە شێوەیەکی دروست و سەرکەوتووانە وێنابکات یان نا؟ ئایا بەکارهێنانی قسەپێبڕینەکان لەم ڕۆمانە فیمینیستییەدا هاوئاڕاستەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە؟

**وشە کلیلییەکان**: کۆزمانەوانی، زمان و ڕەگەز، شێوازناسی، گرەوی بەختی هەڵاڵە.

**ڕەگەز و قسەپێبڕین لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا**

**پێشەکی:**

ئەم تـــوێژینەوەیە بە ناونیشـــانی "ڕەگەز و قســـەپێبڕین لە ڕۆمـــانی گـرەوی بەختـی هەڵاڵەدا"یە، و تیایـدا تیشـک دەخەینەسـەر بەکارهێنـانی قسەپێبڕین بە جۆرە جیاوازەکانیەوە لە زمانی ژنان و پیاواندا. هەرچەندە لەسـەر بـابەتی زمـان و جێندەر، لە کوردیدا چەند نـامە و تـوێژینەوەیەکی جیاواز ئەنجام دراون، بەڵام قسەپێبڕین و پەیوەندیی بە ڕەگەز نەکراوە بە بابەتێکی سەربەخۆ.

وەک داتـای تـوێژینەوەکە، سـوود لە گفتوگـۆ ڕاسـتەوخۆکانی نێـوان کارەکتەرەکانی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهایی وەرگیراوە و بە ڕێبـازی وەسـفی و ئامـاری داتاکـان شـیکراونەتە و بە خشـتە و وێـنە، قســـەپێبڕین وەک یەکێـک لە تایبەتمەنـدییەکانی زمـانی ژنـان و پیـاوان خراوەتەڕوو.

تـوێژینەوەکە جگە لە پێشـەکی و ئەنجـام لە دوو تەوەرەی سـەرەکی پێکهـاتووە، تەوەرەی یەکەم تـایبەتە بە ناسـاندنی چەنـد بـابەتێکی تیـۆریی پەیوەســـت بە ڕەگەز و زمـــان لە ڕوانـــگەی لێیکـــۆفەوە، قســـەپێبڕین و جۆرەکـانی، بەشـداربوانی قسـەپێبڕین و تیـۆری کـۆنترۆڵکردن. تەوەرەی دووەم تایبەتە بە ژمارە و ڕێژەی قسەپێبڕین لای کارەکتەرە جیاوازەکـانی ئەم ڕۆمانە. لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوە بەکارهێنراوەکان تۆمارکراوە.

١) زمان و ڕەگەز لە ڕوانگەی لێیکۆفەوە:

چەنـد فـاکتەرێکی جیـاواز کاریگەرییـان لەسـەر زمـان هەیە، یەکێکیـان ڕەگەزە. "ڕەگەز فـاکتەرێکی گـرنگە لە کـارکردنە سـەر ڕەفتـاری زمـانی و هەڵبژاردنی کەرەستە و دەربڕاوەکان و تەنانەت بیرکردنەوەی تاکەکانیش،


بێگومــان ئەمەش لە زمانــدا ڕەنگــدەداتەوە و دەبێــتە هــۆی ســەرهەڵدانی جیــاوازی لە زمــانی قســەکردندا"(زوبێر عەلــی عــارف، ٢٠١٢: ٩٠) ئەو جیــاوازییەش دەبێــتە هــۆی دروســتبوونی زاری کــۆمەڵایەتی و وەک بابەتێکی گرنگ سەرەنجی زمانەوانانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە. جیاوازیی زمانی ژنان و پیاوان لە زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێ، بەڵام دەکرێت ئەم جیاوازییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ڕێژەکەی بگۆڕێت. (شالاو سالح حەمەغەریب و یوسف شەریف سەعید، ٢٠١٧: ٢٥٤)

هەرچەندە بۆ یەکەمجار ئۆتۆ یەسپێرسن (*Otto Jespersen*) لە ساڵی ١٩٢٢ لە بەشێکی کتێبەکەیدا تیشکی خستۆتە سەر زمانی ژنان و تیایدا جیاوازییەکانی ئاخاوتنی ژنان و پیاوانی دەستنیشان کردووە ( گلالە هنــری، عصــمت اســماعیلی، ١٣٩٨: ١٩٦) بەڵام تیــۆرییەکەی لێیکــۆف کاریگەرییەکی زیاتری لەســەر جوڵانەوەی فیمینیستی هەبووە. ڕۆبین لێیکۆف لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی وتارێک لە ساڵی ١٩٧٣ز. بە ناونیشانی زمان لە کۆمەڵدا (*Language in society*) بە شێوەیەکی جددی و زانستیی پەنجەی لەسەر جیاوازییەکانی زمانی ژنان و پیاوان دانا، لە ساڵی ١٩٧٥ ئەم وتــارە وەک کتێــب چــاپکرا و ناونیشــانەکەی بــۆ زمــان و پــێگەی ژن*Place* (*Language and Woman's*) گۆڕا، دواتر لە ساڵەکانی ١٩٩٠، ٢٠٠٠، ٢٠٠٤ چاپکرایەوە و تیۆرەکەی دەوڵەمەندتر کرد. ( حدیث حاتمی و دیگران، ١٣٩٧: ٤٢)

تیۆرەکەی لێیکۆف لە لایەن فیمینیستەکانەوە بایەخی زۆری پێدرا، چونکە یەکێک لە بابەتە گرنگەکان بەلایانەوە بایەخدان بوو بە جیاکارییە زمانییەکان و دەیانویست بە زەقکردنەوەی ئەو جیاوازییانە بەشێکی کەم لەو زوڵمەی کە بە درێژایی مێژوو بەرانبەر بە ژنان کراوە نیشان بدەن. ( گلالە هنری، عصمت اسماعیلی، ١٣٩٨: ١٩٦) بەشێوەیەکی گشتی، نوسینی ئەم کتێبە لەلایەن لێیکۆفەوە، "خستنەڕووی بەڵگە هەستپێکراوەکانە، لە بەکارهێنانی زمان بۆ جۆرێک لە نایەکسانی، کە لە کۆمەڵدا بانگەشەی

هەبوونی دەکرێت، نایەکسانی نێوان ئەرکەکانی ژنان و پیاوان" (*Lakoff, 1975:4*) ، واتە جگە لەوەی هەستی بە بوونی کۆمەڵێک جیاوازی کردووە لە زمان و بەکارهێنانی زمانی لای دوو ڕەگەزە جیاوازەکەی مرۆڤ، پەیوەستی کردووە بەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی هەیە. محمدرضا فارسیان لە ماستەرنامەکەیدا بەم شێوەیە باسی ناوەڕۆکی بۆچوونەکەی لێیکۆف دەکات: "جیاوازییە زمانییەکانی نێوان زمانی ژن و پیاو یەکێکە لە ئەنجامەکانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییە زمانییەکانیان ڕەنگدانەوەی جیاوازیی ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتییە کە لە نێو ئەندامانی ئەم گروپە هەیە". (حسن دلبری و دیگران، ١٣٩٦: ٣٣)

لێیکۆف جیاوازی ئاخاوتنی ژنان و پیاوان بە بابەتی هێز دەبەستێتەوە، هەروەها بە دیاریکردنی ئەو تایبەتمەندییە زمانییانەی کە لەگەڵ زمانی ژنان دەگونجێن، زمانی ژنان بە زمانی بێهێز ناودەبات (حدیث حاتمی و دیگران، ١٣٩٧: ٤٢)، جیاوازییەکان لە چوار ئاستی دەنگی، لێکسیکی، سینتاکسی و پەیوەندیی بە ئاشکرا دەبینرێن.




وێنەی ژمارە (١) (زهرا تقدمی نوغانی، ابراهیم عزتی،١٣٩٥: ٢٧)

دەکرێت وەک گریمانەیەکی جیهانی سەیری تیۆرەکەی لێیکۆف بکەین. بە جیهانی دانانی ئەو گریمانەیە بەو واتایە دێت کە ئەم بۆچوونە

لەسـەر گشت زمانە سروشتییەکان پەیرەو دەکرێت. تا ئەو کاتە ئەمە ڕاستە، کە بۆچوونەکە بۆ زمانێک نەگونجێت. لێیکۆف لە ڕێگەی چەند بنەمایەکی جیاواز، دەستنیشانی تایبەتمەندیی زمانی هەر دوو ڕەگەزی کردووە کە دەکەونە خانەی ئاستەکانی وێنەی ژمارە (١)ەوە.

١-١) بنەماکانی لێیکۆف لە جیاکردنەوەی زمانی ژن و پیاو:

لە پێناو دەستنیشانکردنی زمانی ژنانەوە، لێیکۆف پشتی بە ١١ بنەمای جیاواز بەستووە، توانیویەتی بەهۆی دانەپاڵیەکی ئەم بنەمایانە، بە وردی جیاوازی و سیما جیاکەرەوەکانی، زمانی هەر دوو ڕەگەزەکە دیاری بکات. بنەماکان لای لێیکۆف ئەمانەن:

١- زمانی پێوەر و ستاندەر و بازاڕی

٢- ڕێژەی بەکارهێنانی ستراتیژی فەرماندانی ڕاستەوخۆ لە داواکردندا

٣- جێگیری و براوەیی لە ئاخاوتن

٤- قسەپێبڕین

٥- ڕێژەی بەکارهێنانی ئاوەڵکارەکان لە ئاخاوتندا

٦- ڕێژەی بەکارهێنانی شێوازی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پرسیاری پاڵپشتییانەوە

٧- ڕێژەی بەکارهێنانی جنێو و تابۆ

٨- سوێندخواردن

٩- ڕێژەی بەکارهێنانی ئامراز و ڕستەی سەرسوڕمان لە ئاخاوتندا

١٠- ڕێـــژەی بەکارهێنـــانی ئاوەڵناوەکـــان و بـــاری ســـۆزدارانە لە ئاخاوتندا

١١- بەکارهێنانی ناوی ڕەنگەکان (حسن دلبری و دیگران، ١٣٩٦: ٣٣)

لێیکـۆف بە درێـژی باسـی ئەو بنەمایـانەی کـردووە، بە هۆیـانەوە فـۆڕمێکی زمـانی دیـاریکردووە، کە لە کـۆمەڵی پیاوسـالاردا بە زمـانێکی گونجـاو و پەسـەندکراو دادەنرێـت بـۆ ژنـان، لادان لەو زمـانە لەو جـۆرە کۆمەڵانە پەسەند نییە و پێچەوانەکەشی بۆ زمانی پیاوان ڕاستە.

بۆ نموونە بە کورتی باسی بنەمای ناوی ڕەنگەکان دەکەین لە لای ژنـان و پیـاوان، دەبینـین بە شـێوەیەکی هەسـتپێکراو ژنـان لە ئاخاوتنـدا ڕەنگـی زیـاتر بەکـاردەهێنن و فەرهەنگێکـی دەوڵەمەنـدتریان هەیە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان. بۆ نموونە لای ژنان سەوزی گیایی، سـەوزی تـۆخ، سـەوزی کـاڵ، شـەدری، زەیتـونی و سـەوزی فسـفۆری بەکاردێت، کەچـی پیاو بۆ هەموو ئەوانە تەنیا سەوز بەکاردەهێنێت." ڕەنگە ئەو پرسیارەمان لا دروست بێت، بۆ ئەم جیاکارییە وردە لە ڕەنگەکان لای ژنان مانـادارە و بـایەخی پێـدەدەن، بەڵام لای پیـاوان وانیـیە؟ ئەمە پەیوەسـتە بە جـۆری تێڕوانینـی پیـاوان لە کۆمەڵـدا، بە بێبـایەخ سـەیری دەکەن و ئەم بـابەتە لە دەرەوەی بازنەی کـاری پیاوانە دادەنێن و تـایبەتی دەکەن بە ژنـان و ئەو پیـاوانەی گومانیـان لە پیاوەتییـان هەیە، پیـاوان حەزیـان لەوەیە، ئەو بابەتانەی لایان بێ بایەخن و سەرنجیان ڕاناکێشێ، بیانخەنە پاڵ ژنـان و خۆیـان پێیەوە خەریک نەکەن."(*Rabin Lakoff, 1975: 9*) بەم پێیە بێت یەکێک لە جیاوازییەکانی زمانی ژن و پیاو بریتییە لە ژمارەی نـاوی ئەو ڕەنگانەی کە لە ئاخاوتن بەکاردێت.

١-٢) تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆف:

بابەتی هێزی زمانی، کۆنترۆڵکردن و ژێردەستەبوون، بە شێوەیەک ئاوێتەی یەکتر بوونە کە لێکجیاناکرێنەوە. "لە ڕوانگەی لێیکۆفەوە، زمان ئامرازێکە، بۆ دوورەپەرێزکردنی ژنان لە هێز و دەسەڵات" ( *Sunderland, 2006: 42*) کاتێک ژن لە هێز و دەسەڵاتیشەوە دوور بێت دەبێت ژێردەستە و کۆنترۆڵکراوی ڕەگەزی بەرانبەری دەبێت.

فیمینیستەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون، زمان ڕۆڵی لە دروستکردن و بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندیی پیاوسالارانەوە هەیە، سەرچاوەی تێڕوانینیان لەسەر زمان بۆ هەستیارییان لەسەر دەسەڵاتی پیاوسالارانە و زاڵبوونی پیاوان لە کۆمەڵ دەگەڕایەوە. ئەم تیۆرە کە بە مۆدێلی کۆنترۆڵ ناسراوە، پەردەی لەسەر زاڵبوونی مێژووی پیاوان لەسەر ئاوەز و زمانی ژنان لادا. لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەم تیۆرە، تیۆرییەکی باوبووە لە بایەخدان بە بابەتی زمان و جێندەر. ( گلالە هنری، عصمت اسماعیلی، ۱۳۹۸: ۱۹۷) هۆکاری سەرەکیی بێهێزی زمانی ژنان بۆ زاڵبوونی پیاوان و پلەبەندی ڕەگەزی دەگەڕێتەوە، ئەم جیاوازییە زمانییانە لە کۆمەڵی پیاوسالاردا دەبینرێت، کە تیایدا بەدەستهێنانی هێز و پاراستنی، بە مافی سروشتی پیاوان دادەنرێت". (حدیث حاتمی و دیگران، ۱۳۹۷: ٤۲)

" لێیکۆف هێزی دەربڕین، بە هاوتای هێزی تاک لە کۆمەڵ دەبینێت و لاوازی ژنان لە قسەکردن بۆ زاڵبوونی پیاوان بەسەریان دەگەڕێنێتەوە و دەیەوێت پەیوەندی نێوان زمان و ژێردەستەبوونی سیستماتیکی ژنان لە کۆمەڵی پیاوسالار نیشان بدات. (*Ballard, 2006: 92-93*) ئەم کۆنترۆڵکردنە لە ڕێگەی زمانەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەی دواتر، بابەتەکە تەنیا ئەوەندە نییە کە کوڕان فێری زمانی پیاوان دەبن، بەڵکو لە ڕێگەی زمانەوە کچەکان ئامادەدەکرێن بۆ وەرگرتنی پێگەی لاوازی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا، وردە وردە زمانیان لە زمانی منداڵانەوە دەگۆڕێت بۆ ئەو زمانە ژنانەیەی کە کۆمەڵ چاوەڕوانی لێی دەکات و ئەگەر هەوڵیش بدات

وەک کوڕان بەرەو وەرگرتن و بەکارهێنانی زمانی پیاوان بچێت کۆمەڵ ئەمە بە ناپەسەند دەزانێت.

**١-٣) قسەپێبڕین:**

لە پەیوەندیکردنی زمانیدا لایەنی کەم دوو بەشداربوو پێویستە، یەکێکیان دەبێتە قسەکەر و بەرانبەرەکەی دەبێتە گوێگر، ئەو دوو بەشداربووە لە گفتوگۆدا بەردەوام ڕۆڵەکانیان دەگۆڕن، بەو واتایەی کە کەسی یەکەم لە بەشێکی گفتوگۆیەکە دەوەستێت و ڕێگە دەدات کەسی دووەم قسە بکات و لەگەڵ دەستپێکی قسە لە لای کەسی دووەم ڕۆڵەکان پێچەوانە دەبێتەوە. قسەپێبڕین پەیوەستە بە چاوەڕوانی نەکردنی کەسەکان لە بەخشینی دەرفەتی ئاخاوتن بە بەرانبەر لە لایەن کەسی یەکەم و ڕەچاونەکردنی نۆرەگرتن لە ئاخاوتن لە لایەن کەسی دووەمەوە.

دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی قسەپێبڕین بکەین، قسەپێبڕین بریتییە لە: لادان لە یاساکانی نۆرەگرتنی نێو ئاخاوتنی نێوان دوو کەس، کاتێ گوێگر دەست بە قسە دەکات، لە کاتێکدا هێشتا قسەکەر کۆتایی بە قسەکەی نەهێناوە. کەواتە؛ قسەپێبڕین ئەو کاتە ڕوودەدات کە ناتوانرێ وەک کۆتایی نۆرەی ئاخاوتنی قسەکەری یەکەم هەژمار بکرێت. ( *Coates, 2003: 118*)

ئەگەر لە ڕوانگەی هیز و تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆفەوە سەیری بابەتی قسەپێبڕین بکەین، ئەوا ئەو باڵادەستییەی پیاوان لە کۆمەڵی پیاوسالاردا هەیانە، وادەخوازێت کە لە پەیوەندیکردنی زمانی لە نێوان دوو کەسدا، کەسی بە هێز قسەی بەرانبەرەکەی ببڕێت.

**١-٣-١) پەیوەندی نێوان قسەپێبڕین و نۆرەگرتن:**

پەیوەندیکردنێکی زمانی بە ڕەچاوکردنی نۆرەگرتن لە ئاخاوتن بەرهەمدێت، هەموو لادانێک لە نۆرەگرتن کاریگەری هەیە لەسەر

پرۆسەی پەیوەندیکردن. نۆرەگرتن بریتییە لە " بەردەوامیی قسەکردن لای قسەکەران بۆ پاراستن یان کۆتایی هێنانی گفتوگۆیەک" ( اشرف شیبانی اقدم: ١٣٩٦، ٥٦) پێچەوانەکەشی ڕاستە کە بۆ بەردەوامیی قسەکردن پێویستە بەشداربوانی ئەم گفتوگۆیە ڕەچاوی نۆرەگرتن بکەن.

سیستەمی نۆرەگرتن، بنەمایەکی سەرەکیی گفتوگۆیە و چەند چەمکێکی سەرەکی لەخۆدەگرێت. لێرە بە کورتی دەیانناسێنین:

"یەکەی ڕۆنانی نۆرە: واتە بەشێک لە گفتوگۆ کە بە هۆی ئاخاوتنی کەسی یەکەم دروستدەبێت.

خاڵی ڕادەستکردنی ئاخاوتن: ئەو کاتەیە لە ئاخاوتنەکە، کە ئەگەری نۆرەگۆڕینی تێدا هەبێت. (محمد عموزاده و دیگران، ١٣٩٣: ١٥٣)

هەموو سیستەمێک بۆ ئەوەی بەرهەمدار و بەردەوام بێت پێویستیی بە یاسا هەیە، نۆرەگرتنیش وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی یاسادارە و یاساکانی پەیوەستە بە سیستەمی بەڕێوەبردنی گفتوگۆ و بە ڕەچاوکردنی لە کاتی گفتوگۆدا تەنیا یەکێک لە بەشداربوان قسە دەکات. لە گفتوگۆی دوو کەسیدا شۆرت و کالپر ئەم مۆدێلەی خوارەوەیان داناوە:

A – B – A- B- …

کاتێک A قسەدەکات، دەوەستێت ئینجا B قسەدەکات، B ڕادەوستێ ئینجا جارێکی تر A قسەدەکات، ئەم نۆرەگرتنە تا ئەو کاتەی ئاخاوتن کۆتایی پێدێت بەردەوامی هەیە. (بهروز محمودی بختیاری و نرگس فرشتە حکمت، ١٣٩١: ٣١٦) یاخود بە شێوەیەکی تر دەتوانین یاساکانی نۆرەگرتن لە خوارەوە نیشان بدەین:

" یاسای یەکەم: ا- قسەکەری یەکەم، قسەکەری دووەم هەڵدەبژێرێت، کەواتە؛ کەسی دووەم مافی هەیە یان ناچارە کە نۆرە بگرێت.

ب- ئەگەر قسەكەر خۆی، قسەكەری دووەمی دەستنیشان نەكرد، ئەگەری ئەوە هەیە قسەكەری دووەم خۆی دەست بە قسە بكات.

ج- ئەگەر حاڵەتەكانی (ا) و (ب) ڕوویان نەدا، ئەگەری ئەوە هەیە، خودی قسەكەری یەكەم لەگەڵ ئەوەی كە ناچار نییە، بەردەوام بێت لە قسەكردن.

یاسای دووەم: خاڵی (ا) و (ج) بە بەردەوامی لە خاڵی ڕادەستكردنی ئاخاوتن جێبەجێ دەكرێن تا ئەو كاتەی قسەكەر بگۆڕێت.

لادان لە یاساكانی سەرەوە قسەپێبڕین دروست دەكات. " ( اشرف شیبانی اقدم: ١٣٩٦، ٥٦)

تیۆری كۆنترۆڵی لێیكۆف پێشگریمانەی ئەوە دەكات كە لادان لە نۆرەگرتن زیاتر لای پیاوان ڕوودەدات و ژنان زیاتر پەیوەستن بە نۆرەگرتنەوە.

**١-٣-٢) ڕەگەز و جۆرەكانی قسەپێبڕین:**

ڕەگەزی بەشداربوان كاریگەری لەسەر جۆر و ژمارەی قسەپێبڕینەكان هەیە. بە وردبوونەوە لەو توێژینەوانەی باسی كاریگەریی ڕەگەز لەسەر قسەپێبڕین دەكەن، دەبینین كە پیاوان بە شێوەیەكی بەرچاو و بە ڕێژەیەكی زیاتر، قسە بە ژنان دەبڕن، لە بەرانبەردا، ژنان زۆر بە كەمی قسە بە پیاوان دەبڕن، زۆرجار قسە بە هاوڕەگەزەكانیان دەبڕن بەڵام زۆر دەگمەنە، لە گفتوگۆی نێوان دوو ڕەگەزدا، قسە بە پیاوان ببڕن. (یدالله بهمنی مطلق و بهزاد مروی، ١٣٩٣: ١٦)

هەموو قسەپێبڕینێك نابێتە ڕەفتارێكی ناپەسەند، بەڵكو لە هەندێ باردا، ناوەڕۆكی قسەپێبڕینەكە هاوتەریبە لەگەڵ قسەی قسە پێبڕاوەكە و بە ئامانجی پاڵپشتی كردنی قسەكانی قسەكەر ڕوودەدات. (احمد حسینی

رنجبر و ملاحت نجفی عرب، ١٣٩٢ : ٧) بە زۆری فمینیستەکان وای بۆ دەچن قسەپێبڕین نیشانەی هێز و دەسەڵاتە، بەو واتایەی، ئەو کەسەی کرداری قسەپێبڕینەکە ئەنجام دەدات ئامانجی کۆنترۆڵکردنی گفتوگۆیەکەیە، کەواتە؛ جیاوازییە ڕەگەزییەکە وا دەکات پیاوان هێز و دەسەڵاتی خۆیان لەسەر ژنان جێبەجێ بکەن و لەم ڕێگەیەوە کۆنترۆڵیان بکەن. (یدالله بهمنی مطلق و بهزاد مروی، ١٣٩٣: ١٦) بەمپێیە دەتوانین دوو جۆر قسەپێبڕین دەستنیشانبکەین: ١ –قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە ٢- قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە.

**١-٣-٢-١) قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە:**

قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە بریتییە لە، قسەپێبڕینێک بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی قسەکانی قسەپێبڕاوەکە ئەنجام دەدرێت. (احمد حسینی رنجبر و ملاحت نجفی عرب، ١٣٩٢ : ٧) لەم جۆرەدا، گوێگر دەیەوێ هاوڕایی و هاوئاڕاستەیی ڕای خۆی نیشانی قسەکەر بدات، پەنا بۆ ئەم جۆرە قسەپێبڕینە دەبات، ئەم جۆرە زیاتر لای ژنان بەکاردێت، بەڵام پێویستە ڕەچاوی ڕەگەزی هەر دوو بەشداربووش بکەین لە ئاخاوتنەکەدا. لە خوارەوە چەند نموونەیەک بۆ قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە دەخەینەڕوو:

- مەجید: "دەتوانم لێت بپرسم چی بووە، شێرزاد؟ ماوەیەکە دەتبینم وەک جاران نیت. دەتبینم کە خەمباریت. نازانم بۆ؟ جاروبار دەڵێم ڕەنگە پەیوەنی بە هەڵاڵەوە بێ، جاروباریش...

شێرزاد قسەکانی پێ بڕی. گوتی: چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە ڕۆژنامەیەکدا وتارێکم خوێندەوە کە سەرنجی زۆر ڕاکێشام. لەو وتارەدا نوسرابوو کە زۆربەی زۆری بنەماڵە پەناهیندەکان لە سوید، بە تایبەت ئەو بنەماڵانە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاتوون، پاش ماوەیەک لە یەک هەڵدەوەشێن و ژن و مێردەکان لە یەکتر جیا دەبنەوە. نوسیبووی

زۆربەی ئەو جیـابوونەوانە لەسـەر داوای ژنەکـانە" (عەتـا نەهـایی، ٢٠١٤: ٦٤)

لێـرەدا شـێرزاد ویسـتویەتی پاڵپشـتی وتەکـانی مەجید بکـات و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، بە مەجید دەڵێت، بەڵێ کێشـەکەم پەیوەندێ بە هەلاڵەوە هەیە.

- هەلاڵە: "دەزانـم دایە، بـاش دەزانـم. ئێسـتا ئـێمە دەبـێ چـی بـۆ بکەین؟

دایکی هەلاڵە: شێرزاد دەیەوێ بێت بۆ دەرەوە، بۆ لای ئێوە.

هەلاڵە: دەی زۆر چاکە، کاری باش دەکات.

دایکی هەلاڵە: من و باوکت....

هەلاڵە زانـی چیـان لێـی دەوێـت. قسـەکەی پـێ بـڕی و گـوتی: پێویست بە گوتن ناکات. دڵنیابە ئێمە لێرە چیمـان لە دەست بێت، بە زیادەوە بۆی دەکەین". ( عەتا نەهایی، ٢٠١٤: ٢١٩)

وەک لە نموونەی سەرەوە دەبینین هەلاڵە بۆ پاڵپشـتی قسـەکانی دایکـی قسـەکەی پێبڕیـوە، دڵنیـایی دەداتە دایکـی کە هـاوڕایە لەگەڵ قسەکانی و ئەوەی لە توانایدا بێت ئەنجامی دەدات.

لەبارەی پەیوەندی ڕەگەز بەم جۆرە قسـەپێبڕینەوە اسمینتۆن و بـراودی ڕایـان وایە کە پیـاوان بە ڕادەربڕینـی پاڵپشـتییانە قسـە بە پیاوانی تر دەبڕن. (احمد حسینی رنجبر و ملاحت نجفی عرب، ١٣٩٢ : ٧) لە تیۆری کۆنتڕۆڵکارانەشدا ئەم جۆرە، زیاتر لە گفتوگۆی نێوان دوو پیـاودا پەسـەندە و لە بەرانـبەر ژنانـدا بەکارهێنـانی زۆر کەمە و

چـــاوەڕوان دەکرێــت ئافرەتـــانیش لە بەرانـــبەر هەر دوو ڕەگەز ئەم جۆرە قسەپێبڕینە بەکاربهێنن.

**١-٣-٢-٢) قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە:**

قســـــەپێبڕینی کۆنترۆڵکـــــارانە بـــریتییە لە، قســـــەپێبڕینێک کە بە ئامـانجی سـەرکەوتن بەسـەر قسـەپێبڕاوەکە ئەنجـام دەدرێت. (احمـد حسینی رنجبر و ملاحت نجفی عرب، ١٣٩٢ : ٧) لەم جۆرەدا، گوێگر نایەوێ هاوڕایی و هاوئاڕاستەیی خۆی نیشانی قسەکەر بدات، بەڵکو دەیەوێ لە ڕێـــگەی قســـــەبڕینەکە هێـــز و باڵادەســـتی خـــۆی لە کۆنترۆڵکردنی گفتوگۆکە دەربخـات، بۆیە پەنـا دەباتە بەر ئەم جۆرە قســـــەپێبڕینە، ئەم جـــۆرە زیـــاتر لای پیـــاوان بەکاردێـــت، بەڵام لە ئاخـــاوتنەکەدا پێویســـتە ڕەچـاوی ڕەگەزی هەر دوو بەشـــداربووش بکەیـن. لە خـوارەوە چەنـد نمـوونەیەک بـۆ قسـەپێبڕینی کۆنترلکـارانە دەخەینەڕوو:

- هەڵاڵە: "حەتمەن گوتویەتی نابێ لەگەڵ فەرهاد ...

مەجید نەیهێشت درێژەی پێبدات. وای نواند کە بە هەڵە چووە. گوتی: فەرهاد؟!

بە عەجایب و سەرسوڕمانەوە گوتی.

فەرهاد بۆ؟ نا ئەو باسی فەرهاد و باسی کەسی تریشی نەکردووە." ( عەتا نەهایی، ٢٠١٤: ٧٠-٧١)

لێرەدا زۆر بە ڕوونی کۆنترۆڵکردنی گفتوگۆکە دەبینرێت، مەجید بۆ زاڵبوون بەسەر گفتوگۆکە و گۆڕینی ئاڕاستەی گفتوگۆکە پەنای بردووەتە بەر ئەم جۆرە قسەپێبڕینە.

– هەڵاڵە گوتبـــووی: "دەترســـــم لە ســـــبەینێوە بە بیـــــانووی ئەم کەلوپەلانە...

مامە فەتاح قسەکەی پێ بڕیبوو، گوتبووی: کچم ڕاستە ئێوە لە یەکتر جیابوونەوەتەوە و ژن و مێرد نەماون، بەڵام پێتوانەبێ ئیتر نابێ یەکتر ببینن. ( عەتا نەهایی، ٢٠١٤: ٢٦٢)

سالی مەک کانل، لەو باوەڕەیە کە پیاوان بە دەربڕینی بێ بار یان بە دژایەتـی کـردن قســە بە ژنـان دەبـڕن، کە لە ڕێـگەی ئەمەوە پەســەندی گریمانەی بەکارهێنانی هێز لە کۆنترۆڵکردنی ژنان دەکات. (احمد حسینی رنجبر و ملاحت نجفی عرب، ١٣٩٢ : ٧) کەواتە لە کۆمەڵگای پیاوسالار چاوەڕوان دەکرێت ئەم جۆرە قسەپێبڕینە زیاتر لای پیاوان ڕوو‌بدات.

## ٢) ڕەگەز و قسەپێبڕین لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا:

لە ڕێــگەی تیــۆری کــۆنترۆڵکردنی لێیکــۆفەوە، ژمــارە و جــۆرە جیاوازەکانی قسەپێبرین، لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهایی دەستنیشــاندەکەین. بــۆ ئەم مەبەســتە، گفتوگــۆ ڕاســتەوخۆکانی نێــوان کارەکتەرەکانی ڕومانەکە وەرگیراوە و بە پێی بەشداربوانی گفتوگۆکان لە ڕووی ڕەگەزەوە، ڕێژەی قسەپێبڕینەکان لای کارەکتەرکان دیاریکراوە، بە بەراوردکردنــی ڕێـژەی ســەدی جۆرەکـانی قســەپێبڕین لە گفتوگـۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکان و ڕەگەزی جیاواز، ڕادەی گونجاوی زمانی ژنان و پیاوانی ناو ڕۆمانەکە هەڵدەسەنگێنین.

### ٢-١) نموونەی توێژینەوە:

بۆ نموونەی توێژینەوە سوودمان لە کۆی گفتوگۆ ڕاستەوخۆکانی نێــوان کارەکتەرەکــانی ڕۆمــانەکە وەرگرتــووە و بە پێــی گوتنەکــان هەژمارکراون، بۆ ئەم مەبەستە سوود لە شێوازی تۆمارکردنی گوتنەکان

وەرگیراوە، بەو واتایەی کە قەبارەی گوتنەکان لەبەرچاونەگیراون، کۆی دەربڕاوەکانی نێوان جوت کەوانە بە یەک گوتن هەژمارکراون، بەو پێیە لە نــاو ڕۆمــانەکە گــوتن هەیە تەنیــا وشــەیەکە و گــوتنیش هەیە کە لە پەرەگرافێک پێکدێت.

| ڕەگەز | ژمارەی گوتن | ڕێژە |
|---|---|---|
| مێ | ٩٩١ | ٪ ٤٧.٦٢ |
| نێر | ١٠٩٠ | ٪ ٥٢.٣٨ |
| کۆی گشتی | ٢٠٨١ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە ١ ژمارە و ڕیژەی گوتنەکانی ڕۆمانەکە بەپێی ڕەگەز

وەک لە خشــتەی ژمــارە (١) دەبینــین ڕێــژەی گوتنەکــان لە یەکتــری نزیکە، گوتنەکانی ڕەگەزی نێر بە جیاوازییەکی کەم زیاترە لە گوتنەکانی ڕەگەزی مێ.

**٢-٢) ڕەگەز و قسەپێبڕین :**

لە کۆی گفتوگۆکانی ناو ڕۆمانەکەدا، قسەپێبڕینەکان هەژمار کراوە و لە خشــتەی ژمــارە(٢) خــراوەنەتەڕوو. قســەبڕینەکان لەم خشــتەیەدا بەپێــی ڕەگەزی قســەبڕەکە هەژمــارکراوە، قســەپێبڕینەکە خراوەتەســەر خــانەی هەمان ڕەگەزەوە.


| ڕێژە | ژمارە | ڕەگەز |
|---|---|---|
| ٪ ٤١.١٨ | ١٤ | مێ |
| ٪ ٥٨.٨٢ | ٢٠ | نێر |
| ٪ ١٠٠ | ٣٤ | کۆی گشتی |

خشتەی ژمارە (٢) ژمارە و ڕێژەی قسەپێبڕینەکانی ڕۆمانەکە بەپێی ڕەگەز

لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا زۆرترین ڕێژەی قسەپێبڕین لەلایەن پیاوانەوەیە، هەرچەندە ئەگەر ڕێژەی قسەپێبڕین لای ڕەگەزەکان بە پێی ژمارەی گوتنەکانی هەمان ڕەگەز هەژمار بکەین دەبینین کە جیاوازییەکی زۆر کەم لە نێوان بەکارهێنانی قسەپێبڕین لە کۆی گوتنەکانی هەمان ڕەگەزەوە هەیە، وەک لە خشەی ژمارە (٣) و وێنەی ژمارە (٢) دەبینرێت.

| ڕێژە | ژمارەی گوتن | ژمارەی قسەپێبڕین | ڕەگەز |
|---|---|---|---|
| ٪ ١.٤١ | ٩٩١ | ١٤ | مێ |
| ٪ ١.٨٣ | ١٠٩٠ | ٢٠ | نێر |

خشتەی ژمارە (٣) ڕیژەی قسەپێبڕینەکانی ڕەگەزە جیاوازەکان بە پێی ژمارەی گوتنەکانیان




وێنەی ژمارە (٢) جیاوازیی نێوان قسەپێبڕین و گوتنی ئاسایی لای هەر دوو ڕەگەز

وەک لە وێنەی ژمارە (٢)دا دەبینرێت جیاوازیی قسەپێبڕین لای هەر دوو ڕەگەز بەپێی کۆی گوتنەکانیان بریتییە لە ٠.٤٢ ٪ ، ئەمەش جیاوازییەکی زۆر کەمە.

لە پەیوەندیکردنی زمانیدا، وەک پێویستییەکی سەرەکی، دەبێ دوو کەس لەم پەیوەندییەدا بەشداربن، ئەویش بەپێی ڕۆڵیان ناودەنرێن: قسەکەر و گوێگر، لە گفتوگۆدا ئەم دوو ڕۆڵە ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت. لە قسە پێبڕین لە گفتوگۆدا، ڕەگەز ڕۆڵ دەبینێ و بەپێی ڕەگەزی بەشداربوان جۆر و ڕێژەی قسەپێبڕین گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. بە پێی ڕەگەزی بەشداربوان لە گفتوگۆدا، دوو دەوروبەری جیاواز بەرهەمدێت، گفتوگۆ لە نێوان دوو هاوڕەگەز و گفتوگۆ لەگەڵ ڕەگەزی جیاواز.

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژە |
| --- | --- | --- |
| هاوڕەگەز | ١٥ | %٤٤.١٢ |
| ڕەگەزی جیاواز | ١٩ | %٥٥.٨٨ |
| کۆی گشتی | ٣٤ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٤) ژمارە و ڕێژەی قسەپێبڕین بەپێی بەشداربوانی گفتوگۆ


لە خوارەوە باسی قسەپێبڕین لە هەریەکە لەو دەوروبەرانە دەکەین بەپێی ڕەگەزی قسەکەرەوە.

**٢-٢-١) قسەپێبڕین لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکاندا:**

ڕێژەی قسەپێبڕینەکان لە گفتوگۆی نێوان هاوڕەگەزەکان، لە نێوان نێر و مێ وەک یەک نییە. لە خشتەی ژمارە (٥) و وێنەی ژمارە (٣)دا بەپێی ڕەگەزەکان، قسەپێبڕینەکانی ڕەگەزە جیاوازەکان لە پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەزەکان نیشاندەدرێت.

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژە |
| --- | --- | --- |
| مێ | ٦ | ٪ ٤٠ |
| نێر | ٩ | ٪ ٦٠ |
| کۆی گشتی | ١٥ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە ٥ ژمارە و ڕیژەی قسەپێبڕین لە گفتوگۆی هاوڕەگەزەکان




وێنەی ژمارە (٢) قسەپێبڕین لای هەر دوو ڕەگەز لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیان


فاکتەرێکی سەرەکی لە جۆری قسەپێبڕین لە گفتۆگۆی نێوان کەسەکان پەیوەستە بە ڕەگەزی بەرانبەر، ژمارە و ڕێژەی جۆرە جیاوازەکانی قسەپێبڕین لە گفتوگۆ ڕاستەوخۆکانی نێوان کارەکتەرەکان، لە خشتەی ژمارە (٦) نیشاندراوە.

| ڕەگەز | | قسەپێبڕینی کۆنترۆلکارانە | قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ژن | ژمارە | ٥ | ١ | ٦ |
| | ڕێژە | ٪ ٨٣.٣٣ | ٪ ١٦.٦٧ | ٪١٠٠ |
| پیاو | ژمارە | ٣ | ٦ | ٩ |
| | ڕێژە | ٪ ٣٣.٣٣ | ٪ ٦٦.٦٧ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٦) جۆری قسەپێبڕین لە گفتوگۆی هاوڕەگەزەکاندا

وەک لە خشتەی ژمارە (٦) دەبینین، کارەکتەرە پیاوەکان بە بەراورد بە ژنان زیاتر سوودیان لە قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە وەرگرتووە، قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە لای پیاوان (٦٦.٦٧٪ ) بەڵام لای ژنان (١٦.٦٧ ٪)ە.

ژنـانیش لە قسـەپێبڕیندا لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیـان بە شـێوەیەکی بەرچـاو پشـتیان بە بەکارهێنـانی قسـەپێبڕینی کۆنترۆڵکـارانە بەسـتووە، لای ژنـان (٨٣.٣٣٪ )ە و لای پیـاوان (٣٣.٣٣ ٪). لە وێنـەی ژمـارە (٤) ئەم جیـاوازییە نیشـاندەدەین.




وێـنـەی ژمــارە (٤) جۆرەکـانی قســەپێبڕین لە گفتوگـۆکردنی نێـوان هاوڕەگەزەکاندا

## ٢-٢-٢) قسەپێبڕین لە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەگەزی جیاواز:

قســەپێبڕینەکانی نێـوان کـارەکتەرە جیاوازەکـانی نـاو ڕۆمـانەکە، لە گفتوگۆی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز بەم شێوەیەی خوارەوەیە:


| ڕەگەزی قسەبڕ | | قســــــەپێبڕینی کۆنترۆلکارانە | قســــــەپێبڕینی پاڵپشتیانە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| مێ | ژمارە | ٥ | ٣ | ٨ |
| | ڕێژە | ٪ ٦٢.٥ | ٪ ٣٧.٥ | ٪٤٢.١١ |
| نێر | ژمارە | ٨ | ٣ | ١١ |
| | ڕێژە | ٪ ٧٢.٧٢ | ٪ ٢٧.٢٨ | ٪ ٥٧.٨٩ |

خشـتەی ژمـارە (٧ ) جـۆری قسـەپێبڕین لە گفتوگـۆی نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا

ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٧) جێگای سـەرنجە، ئەوەیە کە، هەرچەندە لە ڕووی ژمـارە و ڕێـژەوە، پیـاوان بە ٥٧.٨٩٪ ی قسـەپێبڕینەکان، زیـاتر قسەیان بە ژنان بڕیوە، بەڵام کە سەیری ڕێژەی جۆرەکانی قسـەپێبڕین لە هەر دوو ڕەگەز دەکەیـن، دەبینـین کە لە هەر دوو ڕەگەزدا قسـەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە زیاترە لە قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە.

ژنـان: قسـەپێبڕینی کۆنترۆڵکـارانە ٦٢.٥ ٪ > قسـەپێبڕینی پاڵپشتییانە ٣٧.٥ ٪.

پیـاوان: قسـەپێبڕینی کۆنترۆڵکـارانە ٧٢.٧٢ ٪ > قسـەپێبڕینی پاڵپشتییانە ٢٧.٢٨ ٪.




وێـنەی ژمـارە (٥) جۆرەکـانی قسـەپێبڕین لە گفتوگـۆکردن لەگەڵ ڕەگەزی جیاواز


وەک لە وێنەی ژمارە (٥)دا دەبینین، بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی قسەپێبڕین لای ژنان و پیاوان لەم ڕۆمانەدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرا لای ژنان قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە ڕێژەکەی لە قسەپێبڕین پاڵپشتییانە کەمتر بێت.

## ٢-٣) قسەپێبڕین لای کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە:

ئەکتەرەکانی ناو ڕۆمانی گرەوی بەختی هەلاڵە، ڕۆڵی جیاوازییان بینیوە لە بەرجەستەکردنی قسەپێبڕین لە ڕۆمانەکە و جۆر و ڕێژەی بەشدارییان وەک یەک نییە، هەر یەکەیان بەقەد بەشدارییان لە ڕۆمانەکە و ئامانجی نوسەرەوە، بە دوو ڕۆڵی جیاوازی قسەپێبڕ و قسەپێبڕاو بەشدارییان لە کرداری قسەپێبڕین کردووە، لە خوارەوە ژمارە و ڕێژەی بەشدارییان دەخەینەڕوو:

| ناو | | قسەپێبڕ | قسەپێبڕاو |
|---|---|---|---|
| هەلالە | ژمارە | ١٠ | ١٣ |
| | ڕێژە | 29.41% | 38.24% |
| سەعادەت | ژمارە | ٢ | ٣ |
| | ڕێژە | 5.88% | 8.82% |
| ڕەعنا | ژمارە | ١ | ١ |
| | ڕێژە | 2.94% | 2.94% |
| گولالە | ژمارە | ١ | ٠ |
| | ڕێژە | 2.94% | 0.00% |
| شێرزاد | ژمارە | ٧ | ٤ |
| | ڕێژە | 20.59% | 11.76% |
| سەعید | ژمارە | ٤ | ٢ |
| | ڕێژە | 11.76% | 5.88% |
| حەمە ڕەشید ئاغا | ژمارە | ٣ | ٢ |
| | ڕێژە | 8.82% | 5.88% |
| مامە فەتاح | ژمارە | ٢ | ٠ |
| | ڕێژە | 5.88% | 0.00% |
| مەجید | ژمارە | ١ | ٨ |
| | ڕێژە | 2.94% | 23.53% |
| برایم | ژمارە | ١ | ٠ |
| | ڕێژە | 2.94% | 0.00% |
| ناسر | ژمارە | ١ | ٠ |
| | ڕێژە | 2.94% | 0.00% |
| ئیرەج | ژمارە | ١ | ٠ |
| | ڕێژە | 2.94% | 0.00% |
| سەلاح | ژمارە | ٠ | ١ |
| | ڕێژە | %0.00 | 2.94% |
| کۆی گشتی | ژمارە | 34 | 34 |
| | ڕێژە | 100.00% | 100.00% |

خشتەی ژمارە (٨ ) ڕۆڵی کارەکتەرەکان لە قسەپێبڕیندا




| | هەڵاڵە | سەعادەت | ڕەعنا | گوڵاڵە | شێرزاد | سەعید | حەمە ڕەشید ئاغا | مامە فەتاح | مەجید | برایم | ناسر | ئیرەج | سەلاح |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قسەبڕ | 29.4 | 5.88 | 2.94 | 2.94 | 20.5 | 11.7 | 8.82 | 5.88 | 2.94 | 2.94 | 2.94 | 2.94 | 0.00 |
| قسەبڕاو | 38.2 | 8.82 | 2.94 | 0.00 | 11.7 | 5.88 | 5.88 | 0.00 | 23.5 | 0.00 | 0.00 | 0.00 | 2.94 |

وێنەی ژمارە (٦) بەشداری کارەکتەرەکان و ڕۆڵیان لە قسەپێبڕیندا

لە وێنەی ژمارە (٦)دا، کاتێ سەیری ڕێژە و جۆری بەشداری کارەکتەرەکان دەکەین وەک قسەپێبڕ و قسەپێبڕاو، ئەوەی لە هەموو شت زیاتر سەرنج ڕادەکێشێت، کارەکتەری مەجیدە لە ناو ڕۆمانەکەدا، لەگەڵ ئەوەی ڕەگەزی نێرە، بەڵام ٢٣.٥٣٪ قسەپێبڕینەکان لە قسەکانی ئەودان، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە بە بەراورد لەگەڵ پیاوانی تری ناو ڕۆمانەکە.

## ٢-٣-١) جۆرە جیاوازەکانی قسەپێبڕینی ئەکتەرەکان

ئەو بابەتە کە تا چەندە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە کارامەییە زمانییەکان و زمانی گونجاو لەگەڵ ڕەگەزەکەیان بەکاردەهێنن، پەیوەستە بە بەرجەستەبوونی تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕەگەزی لە نێو ئاخاوتنەکانیاندا، لێرەدا ئێمە بە پێی کارامەیی قسەپێبڕین بەدوای ئەوەدا دەگەڕێین، کە ئایا بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی قسەپێبڕین، بەپێی ڕەگەزی بەشداربوو لە ئاخاوتن (هاوڕەگەز یان ڕەگەزی جیاواز) بە شێوەیەکی گونجاو بەکارهاتووە؟ قسەپێبڕینەکان لەگەڵ بنەماکانی تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆف لە پەیوەندیکردندا دەگونجێن؟ یان نا؟

له خشـتـەی خـوارەوەدا جـۆری قسـەپێبڕین لە لای کارەکتەرەکـانی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەلاڵە دەخەینەڕوو:

| ناوی کارەکتەر | قسـەپێبڕینی کۆنترۆلکارانە | قسـەپێبڕینی پاڵپشتیانە | کـۆی قسەپێبڕینەکان |
|---|---|---|---|
| هەلاڵە | ٦ | ٤ | ١٠ |
| سەعادەت | ٢ | ٠ | ٢ |
| ڕەعنا | ١ | ٠ | ١ |
| گولاڵە | ١ | ٠ | ١ |
| شێرزاد | ٣ | ٤ | ٧ |
| سەعید | ٢ | ٢ | ٤ |
| حەمە ڕەشید ئاغا | ٢ | ١ | ٣ |
| مامە فەتاح | ١ | ١ | ٢ |
| مەجید | ١ | ٠ | ١ |
| برایم | ١ | ٠ | ١ |
| ناسر | ١ | ٠ | ١ |
| ئیرەج | ٠ | ١ | ١ |
| کۆی گشتی | ٢١ | ١٣ | ٣٤ |

خشتەی ژمارە (٩ ) جۆر و ژمارەی قسەپێبڕین لای کارەکتەرەکان

لە خشتەی ژمارە (٩)دا ژمارەی جۆرە جیاوازەکانی قسـەپێبڕین لای کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی گشتی تۆمارکراوە، بەڵام بۆ زانینی شیاوی و گونجاوی بەکارهێنانەکان پێویستە زیاتر ورد بینەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنانی قسـەپێبڕین بەپێی دەوروبەری گفتوگۆ واتە بەشداربووان لە ڕووی ڕەگەز و بەرانبەرەکانیان دەکەینە بنەما بۆ پەسەندی بەکارهێنانەکان لای کارەکتەرە جیاوازەکانی نێو ڕۆمانەکە.

### ٢-٣-٢) قسەپێبڕینی کارەکتەرەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیاندا

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، لە تیۆری کۆنترۆڵی لیکۆف چاوەڕوان دەکرێت، پیاوان لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیاندا، قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە زیاتر لە قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە بەکاربێنن، لە دوو خشتەی جیاواز جۆرەکانی قسەپێبڕینی کارەکتەرەکان لە پەیوەندیی زمانی لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیاندا دەخەینەڕوو:

| ناوی کارەکتەرە ژنەکان | | قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە | قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە | جۆری زاڵ |
|---|---|---|---|---|
| هەلالە | ژمارە | ٢ | ١ | کۆنترۆڵکارانە |
| | ڕێژە | ٪٦٦.٦٧ | ٪٣٣.٣٣ | |
| سەعادەت | ژمارە | ٢ | ٠ | کۆنترۆڵکارانە |
| | ڕێژە | ٪١٠٠ | ٪٠ | |
| ڕەعنا | ژمارە | ١ | ٠ | کۆنترۆڵکارانە |
| | ڕێژە | ٪١٠٠ | ٪٠ | |
| کۆی گشتی | ژمارە | ٥ | ١ | کۆنترۆڵکارانە |
| | ڕێژە | ٨٣.٣٣ | ٪١٦.٦٧ | |

خشتەی ژمارە (١٠ ) قسەپێبڕینی کارەکتەرە ژنەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیاندا

وەک لە خشتەی ژمارە (١٠)دا دەبینین کارەکتەرە ژنەکان، لە گفتوگۆکانی نێوان خۆیاندا زیاتر سوودیان لە قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە وەرگرتووە و بە ڕێژەیەکی زۆر کەم پەنایان بۆ بەکارهێنانی قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە بردووە، کە دەکرێت هۆکارەکەی پەیوەست بێت بە

گواستنەوەی ڕەفتاری کۆنترۆڵکارانەی پیاوان کە لە کۆمەڵی پیاوسالاردا بۆ نێو ژنانیش و ئەم شێوازە قسەپێبڕینە لە بەرانبەر یەکتردا بەکاربهێنن.

| ناوی کارەکتەرە پیاوەکان | | قسەپێبڕینی کۆنترۆلکارانە | قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە | جۆری زاڵ |
|---|---|---|---|---|
| شێرزاد | ژمارە | ٢ | ٣ | پاڵپشتیانە |
| | ڕێژە | ٪٤٠ | ٪٦٠ | |
| حەمە ڕەشید ئاغا | ژمارە | ٠ | ١ | پاڵپشتیانە |
| | ڕێژە | ٪ ٠ | ٪١٠٠ | |
| مامە فەتاح | ژمارە | ٠ | ١ | پاڵپشتیانە |
| | ڕێژە | ٪ ٠ | ٪١٠٠ | |
| ناسر | ژمارە | ١ | ٠ | کۆنترۆلکارانە |
| | ڕێژە | ٪١٠٠ | ٪ ٠ | |
| ئیرەج | ژمارە | ٠ | ١ | پاڵپشتیانە |
| | ڕێژە | ٪ ٠ | ٪١٠٠ | |
| کۆی گشتی | ژمارە | ٣ | ٦ | پاڵپشتیانە |
| | ڕێژە | ٪٣٣.٣٣ | ٪٦٦.٦٧ | |

خشتەی ژمارە (١١) قسەپێبڕینی کارەکتەرە پیاوەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیاندا

وەک لە خشتەی ژمارەی(١١) دەبینین، جگە لە ناسر، لای گشت کارەکتەرە پیاوەکانی تر شێوازی قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە زاڵە و لە کۆی گشتیش بە هەمان شێوە زاڵبوونی بەکارهێنانی قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە بەرچاودەکەوێت و ئەمە لای تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆف بۆ پیاوان لەم دەوروبەرەدا بە پەسەند زانراوە.

## ٢-٣-١) قسەپێبڕینی ئەکتەرەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەگەزی جیاواز

لە تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆف یەکێک لە بنەماکانی دەرخستنی هێز و دەسەڵات لە زمانی پیاواندا لە گفتوگۆ لەگەڵ ژنان، قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانەیە، لەبەرئەوەی کە لای لێیکۆف زمانی ژنان، زمانی بێهێزە. بەکارهێنانی قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە لە کۆمەڵی پیاوسالاردا پەسەندترە بۆ ژنان و پیاوان چاوەڕێی ئەوە دەکەن ژنان زیاتر لە قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە بەکاربێنن، لە دوو خشتەی جیاواز جۆرەکانی قسەپێبڕینی کارەکتەرەکان لە پەیوەندیی زمانی لەگەڵ ڕەگەزی جیاواز دەخەینەڕوو:

| ناوی کارەکتەرە ژنەکان | | قسەپێبڕینی کۆنترۆلکارانە | قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە | جۆری زاڵ |
|---|---|---|---|---|
| هەلالە | ژمارە | ٤ | ٣ | کۆنترۆلکارانە |
| | ڕێژە | ٪٥٧.١٤ | ٪٤٢.٨٦ | |
| گولالە | ژمارە | ١ | ٠ | کۆنترۆلکارانە |
| | ڕێژە | ٪١٠٠ | ٪٠ | |
| کۆی گشتی | ژمارە | ٥ | ٣ | کۆنترۆلکارانە |
| | ڕێژە | ٪٦٢.٥ | ٪٣٧.٥ | |

خشتەی ژمارە (١٢ ) قسەپێبڕینی کارەکتەرە ژنەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ پیاواندا

وەک لە خشتەی ژمارە (١٢) دەبینین، گشت کارەکتەرە ژنەکانی ناو ڕۆمانەکە لە کاتی قسەپێبڕینی پیاواندا زیاتر قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانەیان بەکارهێناوە کە لە کۆمەڵی پیاوسالاردا پەسەند نییە و پێچەوانەی تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆفە، ئەمەش بە لادان دادەنرێت لە زمانی ژنانە و نەتوانراوە لەم جۆرە بنەمایە فۆڕمێکی پەسەند و گونجاو بۆ زمانی ژنان وێنا بکرێت و زمانەکە لەم ڕووەوە بە زمانی پیاوان دەچێت.

| ناوی کارەکتەرە پیاوەکان | | قسەپێبڕینی کۆنترۆلکارانە | قسەپێبڕینی پاڵپشتیانە | جۆری زاڵ |
|---|---|---|---|---|
| شێرزاد | ژمارە | ١ | ١ | وەک یەک |
| | ڕێژە | %٥٠ | %٥٠ | |
| سەعید | ژمارە | ١ | ٢ | پاڵپشتیانە |
| | ڕێژە | %٣٣.٣٣ | %٦٦.٦٧ | |
| حەمە ڕەشید ئاغا | ژمارە | ٢ | | کۆنترۆلکارانە |
| | ڕێژە | %١٠٠ | %٠ | |
| مامە فەتاح | ژمارە | ١ | | کۆنترۆلکارانە |
| | ڕێژە | %١٠٠ | %٠ | |
| مەجید | ژمارە | ١ | | کۆنترۆلکارانە |
| | ڕێژە | %١٠٠ | %٠ | |
| برایم | ژمارە | ١ | | کۆنترۆلکارانە |
| | ڕێژە | %١٠٠ | %٠ | |
| کۆی گشتی | ژمارە | ٨ | ٣ | کۆنترۆلکارانە |
| | ڕێژە | %٧٢.٧٢ | %٢٧.٢٨ | |

خشتەی ژمارە (١٣ ) قسەپێبڕینی کارەکتەرە پیاوەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ ژناندا

وەک لە خشتەی ژمارە (١٣)دا دەبینین، گشت کارەکتەرە پیاوەکانی ناو ڕۆمانەکە جگە لە شێرزاد و سەعید لە کاتی قسەپێبڕینی ژنان زیاتر قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانەیان بەکارهێناوە و لەگەڵ تیۆری کۆنترۆڵکارانەی لێیکۆف دەگونجێت، لای شێرزاد ڕێژەی بەکارهێنانەکە یەکسانە لەکاتێکدا وەک ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەخوازێت دەبوایە هێز و دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی زمانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە قسەپێبڕینەکانی بەرانبەر ژنان بەرچاوکەوتبا، لای سەعیدیش ڕێژەی بەکارهێنانی

قسەپێبڕینی پاڵپشتییانە زیاترە ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ زمانی پیاوان لە ڕوانگەی لێیکۆفەوە.

**ئەنجامەکان:**

١- لەم ڕۆمانەدا، پیاوان زیاتر لە ژنان پەنایان بردووەتە بەر قسەپێبڕین، بەڵام بەپێی قسەپێبڕینەکان لە کۆی گوتنەکانی هەر ڕەگەزێک، جیاوازییەکە زۆر کەمە و دەبوایە بۆ نیشاندانی دەسەڵات و هێز و حەزی کۆنترۆڵکارانەی پیاوان قسەپێبڕینەکانی پیاوان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاتربوایە.

٢- بە پێچەوانەی تیۆری کۆنترۆڵی لێیکۆفەوە، قسەپێبڕینی کۆنترۆڵکارانە لای ژنان زیاترە لە قسەپێبڕینی پاڵپشتییانەوە لە هەر دوو دەوروبەری ڕەگەزی (هاوڕەگەز و ڕەگەزی جیاواز)، بۆ وێناکردنی زمانێکی ژنانە دەبوایە زۆربەی قسەپێبڕینەکان پاڵپشتییانە بن.

٣- کارەکتەرە پیاوەکان جگە لە شێرزاد و سەعید، قسەپێبڕینەکانیان لەگەڵ زمانی پیاوانە لە ڕوانگەی لێیکۆفە دەگونجێت لە هەر دوو دەوروبەری ڕەگەزی.

٤- قسەپێبڕینەکانی هەڵاڵە و شێرزاد، وەک دوو کارەکتەری سەرەکیی ناو ڕۆمانەکە لەگەڵ ناوەڕۆکە فیمینیستانەکەی ڕۆمانەکە ناگونجێت، لە کاتێکدا کە هەڵاڵە قوربانی سیستەمی پیاوسالارییە، قسەپێبڕینەکانی لەگەڵ هەر دوو ڕەگەز کۆنترۆڵکارانەیە و شێرزادیش وەک بکوژ و چەوسێنەری ژن، لەم ڕۆمانەدا قسەپێبڕینەکانی، لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی بەزۆری پاڵپشتییانەیە و لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر یەکسانە لە نێوان هەر دوو جۆری قسەپێبڕینەکە.

**سەرچاوەکان:**

- احمد حسنی رنجبر، ملاحت نجفی عرب (١٣٩٢) زبان و جنسیت در رمان شوهر آهو خانم، فصلنامه مطالعات نقد ادبی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی واحد تهران مرکزی، دوره ٨، شماره ٣٠، ١-١٧.

- اشرف شیبانی اقدم (١٣٩٦) نقش گفت و گویی و نظام نوبت گیری در رزمنامەی رستم و اسفندیار، پژوهشنامه ادب حماسی، سال سیزدهم، پیاپی ٢٣. ٥٣-٦٩.

- بهروز محمودی بختیاری و نرگس فرشته حکمت، (١٣٩١)، برآیند قدرت شخصیت در نمایشنامه (با تکیه بر سنجش قواعد نوبتگیری در نمایشنامه وای بر مغلوب)، فصلنامه تخصصی سبک شناسی نظم و نثر فارسی (بهار ادب)، علمی-پژوهشی، سال پنجم، شماره اول، شماره پیاپی ١٥.

- حدیث حاتمی، کورش صابری، هیوا ویسی (١٣٩٧)، بررسی قاطعیت در گفتار گویشوران کردی کلهری بر اساس رویکرد تسلط لیکاف، فصلنامه مطالعات زبانها و گویشهای غرب ایران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه رازی کرمانشاه، سال ششم، شماره ٢٢، ٤١-٦٠.

- حسن دلبری، هدی میرزایی (١٣٩٦)، بررسی متغیر جنسیت با تکیه بر زبان زنانه در رمان کنیزو اثر منیرو روانی پور، فصلنامه پژوهشهای ادبی، سال ١٤، شماره ٥٨، ٣١- ٤٨.

- زهرا تقدمی نوغانی، ابراهیم عزتی ( ١٣٩٥)، بررسی ویژگیهای زبان زنان در مقایسه با زبان مردانه در ترجمه رمان، دوفصلنامه تخصصی مطالعات داستانی، سال چهارم، شماره اول، ٢٥- ٣٨.

- زوبێر عەلی عارف (٢٠١٢)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

- شالاو سالح حەمەغەریب و یوسف شەریف سەعید ( ٢٠١٧)، جۆراوجۆری زمانی لە کۆمەڵگای کوردیدا، گۆڤارا زانستێ مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، بەرگی ٥، ژمارە٢، ٢٥٠-٢٥٧.

- عەتا نەهایی (٢٠١٤) گرەوی بەختی هەڵاڵە، چاپی دوەم، چاپخانەی رجایی، تاران.

- گلاله هنری، عصمت اسماعیلی (١٣٩٧)، سلطه و عصیان در زبان فروغ فرخزاد (خوانش شعر فروغ بر اساس رویکردهای سەگانه زبان وجنسیت)، ادبیات پارسی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، دو فصل نامه علمی-پژوهشی، سال هشتم، شماره دوم، ١٩٣-٢١٦.

-یدالله بهمنی مطلق، بهزاد مروی (١٣٩٣) رابطه زبان و جنسیت در رمان شب‌های تهران، دوفصلنامه زبان و ادبیات فارسی، سال ٢٢، شماره ٧٦.

- Ballard, kim (2016), The story of linguistics: An Introduction to Language Study Past and Present. Basingstoke: Palgrave Macmillan Education.

Coates, Jennifer (2003), Man Talk: Stories in the Making of - Masculinities, Malden: Blackwell Publisher

- Lakoff, Robin (1975), Language and Woman’s Place, Harper & Row. Publishers, New York.

- Sunderland, Yune (2006), Language and Gender an Advanced Resource Book, 1st edu, London/ New York: Routledge.

## ملخص

عنوان البحث " الجنس و  قطع الكلام في رواية " گرەوی بەختی هەڵاڵە، يعتبر اللغة و الجنس احد اهم مواضيع علم اللغة الاجتماع و دراسات الرواية. في هذا البحث نسلط الضوء على قطع الكلام بين شخصيات رواية " كرةوي بةختي هةلالة" ل "عطا نهايي"مع تطبيق نظرية التسلط ل"روبن ليكوف" والذي بدوره يتناول العلاقة بين الجنس و قطع الكلام بين شخصيين.

الغرض من هذا البحث هو معرفة مدى نجاح الكاتب في استعمال اللغة المقبولة و الجيدة التي تمثل الشخصييات في الرواية المذكورة، و هل استعمال اسلوب قطع الكلام في هذه الرواية يتماشى مع نص الرواية ام لا.



**الكلمات المفتاحية:** علم اللغة الاجتماع، اللغة و الجنس، الاسلوبية، كرةوي بةختي هةلالة.



## ABSTRACT

This research is entitled (“Gender and speech Interruption in “ Girewy Bexty Helale”),One of the most recent subjects in sociolinguistics and studies in novels is the relationship between language and Gender. In this study we shade a light on speech interruption among the characters of Ata Nihayee’s “Girewy Bexty Helale” by conducting Robin Lakoff’s Dominance Theory. In which the relation between gender and speech interruption in a conversation between two characters are presented.

The aim of this study is to clarify that to what extent was the writer successful in using an appropriate language which suits the characters of the novel, and to show whether the use of speech interruption in this novel equals to the text or not.



**Keywords:** sociolinguistics, language and gender, stylistics, Girewy Bexty Helale